# تۆ کە دووری ئەحمەد دەشتی

من کە شێـــــــتی چـاوی تۆمە تۆ دیارە ڕوگەمی
ڕووو لە تۆمە و تۆ هەمیشە خۆشەویست وگەورەمی

تۆگولی ســــــەروی ژیانیهەستە توخوا زوو وەرە
ڕوت لە من کە هاتنی تۆ بۆ دڵی من گـــەوهــەرە

ئەی گولی باغی ژیانم زۆر دەمێکە چاو لە ڕێـــــم
هەستە ڕابە دڵ غەریبەو شـــاد بکە تۆ ڕێ وو جێم

چاوی تۆ بۆ گشت بەهایە و خۆشیـــیە گەر بێیتەوە
پێ بنێیتە هەردو چاوم ژینی من ســــــاد دەبتەوە

سەیری دەریای خوێنی چاوم پڕ شـــەپۆلی ئازەرە
زۆر لە مێژە چـــــــاوەڕێتم بۆچی نایێی لەو دەرە

تۆ کە دووری لێم دیارە ژان و دەردو ڕنج و خـــەم
ئەی هەڤاڵی خۆشــەویستی ، لابەرە گـریان وتەم

بەسیە تاکەی وا لەدووریت من نەبینم ســاتێ ژین
هەر وەهابم پڕ لە ئاخ و حەســـــڕەت و ژانی برین

ڕووکە لای من ئەم دڵەی من شـاد بکە تاکو هەمە
ئەی بەهاری ئارەزووی‌من وا لە دووریت دڵ شەمە

من کە بێ تۆم وا غـــــەریب و بێکەس و ئاوارەمە
گەر وەهابم دیارە مەرگەلەم دەڵەی من سەر جەمە